# ئەوانەی لەپەیکەری 'سەدام'یاندا، هیوا دەخوازن مێژوو بۆ دواوە بگەڕێتەوە!



ڕۆژی ٩ی نیسانی ئەمساڵ لە پێنجەمین ساڵیادی ڕووخاندنی ڕژێمی سەدامی دیکتاتۆردا ژمارەیێک پەیامنێرو هەواڵنێری بیانی دیدارو چاوپێکەوتینان لەگەڵ هەندێک لەو کەسانە کردبوو کە لەکاتی هێنانەوە خوارەی پەیکەری سەدام لە گۆڕەپانی فیردۆس بە حەماسەتەوە بەشداریان لە شکاندنی پەیکەرەکەدا کردبوو، بە پێڵاو لێیان دابوو.

پەیامنێرانی بیانی سەبارەت بە هەستی ئەم کات و ئەوکات پرسیاریان کردبوو، ویستبوویان بزانن بە ڕووخاندنی دیکتاتۆر و نەمانی ڕژێمی بەعسی دڕندە، بەختەوەری و ئاسوودەیی ڕووی لە عێراق کردووە؟ عێراق بۆتە ئەو بەهەشتەی کە بانگەشەی بۆ دەکرا و دەویسترا بکرێ بە نموونەی دیموکراسی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا؟

بەداخەوە بەهۆی دواندنی ئەو کەسانەوە دەردەکەوێ کە زۆربەیان نەک هەستیان بە بەختەوەری و ئاسوودەیی نەکردووە، بەڵکو داخیان بۆ ئەو ڕۆژە هەڵکێشابوو، لە لێدان و پەت کردنە ملی پەیکەرەکە پەشیمانی خۆیان پێشاندابوو. **ئیبراهیم خەلیل** یەکێک لەوانەی کە لە پەیکەرەکەی سەدامی داوەو شادومانی خۆی بۆ ڕووخانی دیکتاتۆر پێشانی جیهانیان داوە، لەپێنجەمین ساڵیادا گوتویەتی: 'کۆمەڵێک کەس بووین، چاوەڕوان بووین پەیکەرەکە بکەوێتە سەر زەوی و بە پێڵاو لێی بدەین. ڕۆژێکی مێژوویی بوو، هەستم کرد سەر لەنوێ لە دایک دەبمەوە، پەیکەرەکەم بۆ زەوی ڕاکێشاو بە پێڵاو لێمدا، بەڵام ئێستا ئەگەر ڕۆژگار بۆ دواوە بگەڕێتەوە بەماچ لەباوەشی دەگرم، لەخۆم زیاتر پارێزگاری لێدەکەم، زۆرینەی ئەوانەی لە پەیکەرەکەیان داوە لەگەڵ مندا هاوڕان'

هەرچەندە لەوانەیە ئەو کەسە دووچاری گرفتێک هاتبێ و تەنیا خۆی ئەو خۆزگەیە بخوازێ، بەڵام دیسانیشەوە ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە دەبینەوە: "بۆچی ئەوانە پەشیمانن و دەیانەوێ ڕۆژگار بۆ دواوە بگەڕێتەوە" هەڵبەت ئەوانە خۆزگە بە خراپەکانی ڕژێمی بەعس و سەدامی دیکتاتۆر ناخوازن، بەڵام کاتێک سەیر دەکەن و دەبینن کە لە دوای ڕووخانی دیکتاتۆر بەختەوەری نەک هەر ڕووی لە وڵاتەکەیان نەکردوە، بەڵکو دەیان گرفت و کێشەو قەیرانی دیکە بەرۆکی لێگرتوون و بەرەو نەهامەتیان دەبات. ئەو مرۆڤانە کاتێک دەبینن کە هاو نیشتمانیەکانیان لەنێو وڵاتی خۆیاندا ئاوارەو پەڕاگەندە دەبن، کاتێک دەبینن کە خێزانی عێراقی لە برساندا منداڵی خۆی دەفرۆشێ، کاتێک دەبینن کە ئاسوودەیی دەستەبەرناکرێ و بێکاری وڵات دادەگرێ، ئیدی ئاخ هەڵدەکێشن.

لەم پێوەندەدا کاتی ئەوە هاتووە کە پسپۆڕان و شارەزایان و ڕۆشنبیران لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بکەن و وەڵامی ئەم پرسیارە بدۆزنەوە و بەدوای هۆکارەکەی دا بگەڕێن.

عێراقیەکان، بەتایبەتیش ئەوانەی ئەندامانی حزبە دەستەڵاتدارەکان نین و بەرپرسیارێتیان لە حکومەتی بەغداد بەرنەکەتووە یان خۆیان وەریان نەگرتووە زۆر ڕەشبینانە لە ڕەوشی ئێستا دەڕوانن. هەندێکیان زۆر ڕاشکاوانە دەڵێن کە سەردەمی دیکتاتۆر تەنیا کێشەو قەیرانی حزبایەتیمان هەبوو، دەنا خزمەتگوزاریەکانی ڕۆژانە دەستەبەر کرابوون، لە شەقام و کۆڵان و گەڕەکەکاندا خەڵک نەدەکوژران. فڕۆکە جەنگیەکان گەڕەک و بازاڕی شاری بەغدادیان بۆردومان نەدەکرد. بە ئازادی هاتوچۆی بازاڕ دەکرا. ترسی تەقینەوە نەبوو. ترسی دەستدرێژی کردنە سەر ژن و کچان لە ئارا دانەبوو.

هەندێک پێیانوایە کە ڕەوشی ئاسایش و هێمنایەتی نەک بەرەو خراپی ڕۆیشتووە، بەڵکو بە ئەندازەی نائومێدی داڕماوە، سەروەت و سامانی نیشتمان تاڵان دەکرێ و بۆ گیرفانی سەرکردەی حزبەکان دەڕوات. بیانی لە عێراق فەرمانڕەوان، نەک پارێزگاری لە شەرەف و کەرامەتی عێراقیەکان ناکەن، بەڵکو بەبەرچاوی دونیاوە ئەتکیان دەکەن. عێراق بۆتە نیشتمانی باندی چەکدارو میلیشیای حزبەکان، بۆ خەڵکی ئاسایی و هەژاریش بۆتە دۆزەخێکی سووتێنەر، شار گڕدراوەو تەڕو وشک پێکەوە دەسووتێن.

هەموومان هاوڕاین کە ئەو مرۆڤانە لە خۆڕاوە خۆزگە بە سەردەمی بەعس و دیکتاتۆریەتی سەدام ناخوازن، تەنیا ئەگەر خەون و ئاواتەکانیان پێچەوانە نەهاتبێتەوە.

عێراقیەکان لەسەر دەستی بەعس و دیکیاتۆریەتی سەدام لە دۆزخی شەڕی ئێران، داگیرکردنی کوێت وشەڕی کەنداو دەسووتێندران، هەناسەی ئازادیان لێ قەدەغە کرابوو، جگە لە حزبی بەعس حەزو مەیلێکی دیکە ڕێگەی پێنەدەدرا، بەبێ دادگە بڕیاری مەرگ و مردنیان دەدرا، بەڵام ئێستا باسی دیموکراسی دەکرێ، دەیان حزب و هێزی سیاسی هەن، هاوپەیمانێتی لیستە براوەکان کابینەی حکومەتی پێکهێناوە، کەچی زۆرینەی عێراقیەکان بە نیگەرانیەوە لە داهاتوو دەڕوانن، لە ژیانی خۆیان مسۆگەر نین، متمانەیان بە دیتران نەماوە. ئێستا زیندانەکانی عێراق لە جاران تژی و پڕترن، جاران لەژێر پاساوی تێکدەرو ئاژاوەگێڕ لاوان دەگیران و ئەشکەنجە دەدران و سوکایەتیان پێدەکراو دەشکوژران، ئێستاش لەژێر پاساوی تیرۆریست لاوان ڕاودەنرێن، بە لێشاو دەگیرێن، لە زیندان سوکایەتیان پێدەکرێ و ئەشکەنجە دەدرێن، هەندێکیان دەکوژرێن و هەندێکی دیکەشیان پاکیان بۆ دەنووسرێ و ئازاد دەکرێن.

کەس سەری لێ دەرناچێ، باشە ئەگەر ئەوانەی بەناوی تیرۆریست دەگیرێن، وەکو دەگوترێ کە دانیان بە تاوانەکانیان داناوەو دەیان کەسیان کوشتووە!! ئەی بۆ لە دادگەدا سزانادرێن و دواتریش بە لێشاو ئازاد دەکرێن؟!

جاران، خەڵک خەونیان بە وڵاتانی ئەوروپاوە دەبینی، بیریان لە کۆچکردن دەکردەوە، ملی ڕێگەی هەندەرانیان دەگرتەبەر، بەڵام ئێستا لێشاوی ئەو کۆچکردنە بنی نەهاتووە، کەمی نەکردووە، بەڵکو زۆر زیاتری کردووە. بە گوێرەی سەرچاوەکانی نێودەوڵەتی چوار ملیۆن عێراقی ئاوارە بوونە، ناچار بوونە کە وڵاتەکەیان جێ بهێڵن. دیسانەوە مرۆڤ ناچارە لە خۆی بپرسێ و لەگەڵ ویژدانی خۆیدا بکەوێتە مشتومڕ! 'باشە ئەگەر ڕەوش باشتر بووە!! عێراق بەرەو دیموکراسی هەنگاو هەڵدەگرێتەوە!! کەس لەسەر بۆچوون و دیتنی سیاسی ناگیرێ و ئازار نادرێ، ئەی ئەم کۆچە بە کۆمەڵە لەپای چی و بۆچی؟!!'

**ئامادەکردنی: ئەمیر ساڵح**



**گۆشەیەکە فەهمی سلێڤانەیی دەینووسێ**

## هەردوو ئیدارە یەک ناگرن و ڕەخنێژی قەبوڵ ناکەن!؟

دڤان ڕۆژاندا ئەم لمیدیێن کوردی مێزەدکەین و گوهداری هەمو لێدوان و گۆتارێن سەرکردەیێن هەر دوو هێزێن سەرەکی دکەین،کو ناڤەرۆکەکا ڕاستەوخۆ یا چڤین و کۆمبونێن خوە بۆ گەلێ مەیێ کورد تیننە زمان و ببێ باوەری گەشبینا خوە دکەنە بێنیشت و ڤەدچوین...ئەز باوەرم پیرەمێرێ بێ ددان دەما بێنیشتی دچویت ژبۆی ڕازی کرنا یێ بەرامبەر کو خوە نیشابدێ ددان هەنە و هێشتە گەنجە!ئەفجا هەردوو هێز بگۆتار و پەیڤێن خوەش یێدی ڤی گەلی ڕازی ناکەن و باوەریێ بۆ وان چێناکەن کو یێدی وان ئەوشیان هەبن ڤی چەرخی بکەنە فیردەوسا مەحەمەد مەهدی کو گورگو میها پێکرە بچەرینن!ئەوما ئەو هەردوو بەرێزێن هەردوو هێزا ڕەخنێ ل شریکێن خوە دگرن و دبێژن یێدی ئەم ڕازی نابین چەند پارتەک پیەکێ وان دناڤ مەدابێ و شریکێن مەیێن حکومرانی بن و پیێ دن دناڤ ئۆپۆزسیۆنێ دابن و معارەزا مەبکەن و ڕەخنێ لمەبگرن،ئەف گۆتن وەکو هەلویست و ستراتیجەکێ ڕاستەوخۆ یێ مەیێ حزبا ڕزگاری بوو،بەلکی ئارمانجەکا سەرەکی بو کومە بزاڤ و چالاکی لسەر وی سیستەمی دکرن و مەدگۆت ئەم وان پارتان بئۆپۆزسیۆن نازانین و قبوڵ ناکەین دگەل مە دابن و چویڤێ فەرمانێ ددەستاندا بێ و فیلبازیێ لمەو حکومەتێ بکەن،دیارە هەردوو هێزێن سەرەکی هێشتە ڕازاینە و تازە ژخەوا فیلبازیا دۆست و دوژمنێن خوە شیاربوون یێدی ڕێ نادەنە وان بەردەوامیێ بوان فیلا بدەن،بەلێ هێشتە دخەوەکا مەستردانە و نزانن ئیرۆ حەزا ڤی گەلی بەرامبەری هەردوو هێزا چیە و چ یافەرە بۆ ڤی گەلی بکەن،ئەگەر هاتو یەک بگرن یانژی دیسان دیوارەکێ دن دناڤ بەرا یەکتردا ئاڤاکەن،ئەگەر یەک بگرن دیسان لسەر وی سیستەمێ فیفتی فیفتی ئالتەرناتیف بباوەری دبێژم هێزەکا دن یا سیان دبە چ علمانی و چ ئیسلامی ،یەک نەگرن و بشێوەیەک کلاسیک سیاسەتا خوە بمەشێنن گەل ڕازی نابت و ئێدی جهێ وان دڤێ گۆرەپانێ دا نابێ و سەر هلدانەکا دژوار بەرامبەری وان دێ دەست پێکەت،ئەفجا دبەرژەوەندا هەردوو هێزاندایە بشێوەیەک دیموکراسی و بباوەری دەست بەهەلبژارتنان بکەن و ئەوێ سەرکەتن بدەستڤە ئینا سێ تا چوار ساڵێن خوە بگەهینت دیسان ڕێ بدەتە ئیرادا گەل نوێنەراتیا خوە هەلبژرێت،دیسان بباوەری ڕێ بدەتە ئۆپۆزسیۆنێ و ئازادیا بیرو بۆچونا و بەرفرەهیا حزبی و پاراستنا مافێ مرۆڤا و بەربەندیا گەندلێ بکەن.....ئەو وڵات و نەتەوا ئۆپۆزسیۆن دناڤدا نەبێ دیموکراسی نابێ و هەمی ماف دێ لوی وەلاتی ئێتە شیلاندن......ئەفجا دیارە کو بێژم هەردوو ئیدارە یەک ناگرن و ڕەخنێژی قبول ناکەن!؟ژبەر ڤێ چەندێ دبێژم ئەم یێدی وێ ڕێ نادەنە ڕەخنەگرا بەرامبەری مە ڕاوەستن.....دیارە کو بێژم ڕەشبینی بهەلویستێ هەردوو هێزانڤە دیارە دەما سنورا بۆ پێنوسا نفیسەر و ئازادیخوازانڤە دادنن و گەف و گورا ل قەهرەمانێن زمانێ ئازاد دکەن و ئەم باش دزانین ئەڤە نەچەرخێ قەهرەمانیا چەکی یە، بەلکی سەردەمێ شەرێ پێنوسێ یە یا فەرە شەهیدێن وێ پێنوسێ ژی ئیرۆ بگەهنە دناڤ ڕەفێن شەهیدێن ڤێ دۆزێدا.ئێن کو بەرامبەری دوژمنا بچەکێ ژەهراوی و بومبە و گولە گیانێ خوە کری قوربان،ئەفجا ئەم خوە بخودانێ زمانێ گەل دزانین و دەنگێ شەقامێ مەیێ کوردەواری ب پێنوس و خوەنیشاندان و بزاڤێن ڕەوشەنبیری و هۆنەری و بهەمی شێوەێن شارستانی دێ بەرخوەدانێ کەین و دژایەتیا دیکتاتۆری و گەندەڵی و پلانێن پیلانگێران دێکەین و وێ ڕێ نادەین نەحەزو دژمنا فێ ئەزمۆنێ و دەست کەفتا گەلێ مە ژدەست بدەن.

# جەنگی عێراق سێ تریلیۆن دۆلاری تێچوە

ڕووداوەکانی عێراق یاخوود باباڵێین داگیرکردنی عێراق بەشێوەیەکی زۆر خراپ بووەتە هۆی ڕووخانی ژێرخانی ئابووری ئەمریکا، کە تائێستاش یاسایەکی ئەوتۆ نەیتوانیوە ئەو دۆخە چارەسەر بکات. بەفیرۆدانی سێ تریلیۆن دۆلاری ئەمریکی لە جەنگێکی دۆڕاودا کارێکی هەروا ئاسان نیە بەتایبەت بۆ وڵاتێکی وەک ئەمریکا کە خاوەنی ئابوریەکی پتەو بووە تا ئێستا. دەکرێ هەندێ کەس گاڵتەیان بەم ژمارەیە بێت، بەلام لەخەملاندنێکی تێچونی جەنگی عێراق دا لەلایەن تیمێکی پسپۆری ژمێریاریەوە ئەو ڕاستیە سەلمێنرا کە ئەو ژمارەیە زۆر لەو سێ تریلیۆنە زیاترە، بەلام لەبەر ورەی خەلکی ئەمریکا ناتوانن ژمارەکان بە تەواوی و بە دروستی بدەن بە دەستەوە.

حکومەتی ئەمریکا داوای لە هەریەک لە وڵاتە هاوپەیمانەکان کرد کە یارمەتی پێشکەش بە ئەمرکا بکەن بۆ قەرەبوونەوەی ئەو زەرەرو زیانانەی کە توشی ئەمریکا بوە، بەلام هیچ لەو ولاتانە نەهاتنە سەر باروو تەنانەت تاوەکو بەشێکی کەمیش بگرنە ئەستۆی خۆیان. هەر بۆیە بەناچاری ئیدارەی بووش پەنای بردە بەر ڕێگەچارەیەک بۆ بژاردنەوەی ئەو تێچونە. ئەوە بو کە لەڕێگەی نەوتی عێراقیەوە ڕێگەی چارەسەریان گرتوەتە بەر بەڵگەش بۆ ڕاستی ئەمە ئەوەیە کە ڕۆژانە بە سەدەها بەرمیل نەوتی خوارروی عێراق کەس نازانێ بەرەو کوێ دەڕوات. ئەمە لەکاتێکدایە کە سەدەها لە عێراقیەکان نەوتیان نیە تاوەکو بیسوتینن.

ئەنجامی ئەم جەنگە دەبێ بەرەو کوێ بڕوات؟ لێکۆڵەرەوەکان پێیانوایە عێراق نەک تەنیا یەکێکە لە جەنگە درێژخایەنەکانی ئەمریکا دوای ڤێتنام، بەلکو گەورەترین وڵاتی دابین کردنی پێداویستیەکانی ئەمریکایە.

سەیرە خەلکی ئەمریکا وەک پێویست گوێ بەو هەرەشە گەورەیەی ئابوری نادەن کە ئێستاو بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەمریکادا ڕووبەڕووی بۆتەوە. یەکیک لەو ڕێگەیەی کە ئیدارەی بۆش گرتوویەتیە بەر بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو سێ تریلیۆنە. ئەویش ئەوەیە کە لەسەرەتای دەست پێکردنی ئەو جەنگەدا ئابووری ناسان بڕیک پارەیان پێشنیار کرد کە لەڕاستیدا تەنها بۆ فریدانی خەلکی ئەمریکا بوو.

خەلکی ئەمریکا بەشێوەیەک دوچاری بێئومیدی بوون کە خەریکە خەلک متمانەی بە دەولەت نەمێنێن کە ئەوەش تاکە هۆیە بۆ ڕووخاندنی دەولەت. ئەگەر سەربازێکی ئەمریکی لە عێراق ببێتە قوربانی کۆمەکێکی ئەوتۆ نیە بۆ قەرەبوکردنەوەی خیزانەکەی، لەکاتێکدا کە ئەگەر کەسێکی ئەمریکی لەناوخۆی ئەمریکادا بە کارەساتێکی سەیارە یان هەر کارەساتێکی تر بمرێ ئەوا خێزانەکەی بڕی ٥٠٠,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی وەردەگرن {تامین الحیاە} جیاوازیەکە لێرەدا ئەوەیە کە لەجەنگی عێراق دا ئەگەری کوژران زیاترە وەک لە ناوخۆی ئەمریکا کە بەهۆی کارەساتێکی وەکو سەیارە بمریت. سەدان سەربازی ئەمریکی دەکوژرێن بە بێ هیچ قەرەبوکردنەوەیەک، ئەمە گاڵتەیە بە شعووری خەلکی ئەمریکا لە لایەن ئیدارەی بۆشەوە.

سەرۆک بۆش لە یەکێک لە وتارەکانی بۆ خەلکی ئەمریکا ئەوەی دووپات کردەوە کە وەستانەوە لە دژی تیرۆر پێویستی بە تێچونێکی زۆرو قوربانیدانیشی دەوێ. یەکێکی تر لەو هەڵە گەورانەی کە ئیدارەی بۆش کردی ئەوە بو کە لەگەڵ دەستپێکردنی داگیرکردنی عێراقدا ڕێژەی باجیشی کەمکردەوە بەتایبەت لەسەر دەولەمەندەکان، کە بێگومان سەرچاوەیەکی گەورەی دارایی ئەمریکا لەسەر ئەو باجە بەندە کە لە دەولمەندەکان وەردەگیرێ

ئەم کێشانە وەک کێشەیەکی گەورەی ئابوری هەژمێردەکرێ، چونکە ئەو برە پارەی کە بۆ جەنگی عێراق ئامادە کراوە، لەناوخۆی ئەمریکا توانای ڕوبەڕوبونەوەی کێشەکانی تر ڕادەگرێ. ئەمە وادەکات کە ئیدارەی داهاتوو بەدەست ئەم کێشانەوە بناڵێنێ.

هەمووومان دەزانین کە ئەمریکا تا ئێستا خاوەنی ئابووریەکی بەهێز بووە، بەلام بەفیرۆدانی سێ تریلیۆن دۆلار کارێکی قورسە، بیرکەرەوە ئەگەر ئەو برە بخرێتە بواری کۆمەک و هاریکاری بۆ ئەو ولاتانەی کە هەژارو دواکەوتوون ئەوا بێ هیچ گومانێک ئەمریکا دەتوانێت ببێتە دڵی جیهان، ئەوەشمان بیرنەچێ کە بەشێکی زۆر لە ولاتە دواکەوتوەکانی جیهان ولاتانی ئیسلامین کە دوژمنی سەرەکی ئەمریکان و سەرچاوەی سەرەکی سەرهەڵدانی تیرۆریزمی جیهانین. کە لە ئێستادا هەرەشەیەکی گەورەن بۆ سەر ئەمریکاو بەرژەوەندیەکانی، دەتوانێ لەڕێگەی ئەو هاریکاریانەوە گەورەترین دووژمنی خۆی بکاتە لایەنگرێکی بەهێزی خۆی و بۆ مەبەستەکانی خۆی بەکاریان بهێنێ.

لەخەملاندنێکدا ڕاستی ئەوە دەرکەوتوە کە بەو خەرجیەی کە یەک مانگ لە جەنگی عێراقدا سەرفدەکرێ، دەتوانرێ چارەسەری ئەوکێشانە بکات کە ملیۆنەها منالی جیهان پێوەی دەنالێنن، لە کاتێکدا کە ئەگەر بێین جیاوازی بکەین لەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کە ڕێکخراوی هاریکاری یێن لە ئەفریقا بەدەستی هێناوە ئەوا تووشی سەرسامیەکی زۆر دەبین. ئەگەر بێین سەیری ئەمریکا بکەین جگە لە دڕندەیی و نانەوەی دووبەرەکی هیچی تر لە عێراق نا بینین. دەبێت ئەوەش بزانین بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە عێراق زۆر زیاترە لە بەرژەوەندیەکانی یێن لە ئەفریقا.

لە پێش ساڵی ٢٠٠٣ دا واتا پێش داگیرکردنی عێراق، تێچوی بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک نەوت کەمتر لە بیست و پێنج دۆلار بوە، بەلام دوای داگیرکردنی عێراق، تێیچوی هەر بەرمیلێک سەد دۆلاری ئەمریکیە، واتە خۆی کەمتر لە بیست و پێنج دۆلاری تێدەچێ، واتە ڕێژە زیادەکەی کە دەکاتە حەفتاو پێنج دۆلار دەگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا.

وەک هەموومان دەزانین کە خەڵکی ئەمریکا چاوەڕێی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئایندەن، سیاسەتمەداران پێیانوایە کە دوودڵی خەڵکی ئەمریکا ئێستا بۆ جەنگی عێراق نیە بەڵکو بۆ ئەو کێشە سامناکەیە کە تووشی ژێرخانی ئابووری ئەمریکا هاتووە. کە ئابووری ناسان نزیکەی چارەکە سەدەیەکیان بۆ داناوە تاوەکو ئەمریکا لەو قەیرانە ڕزگاری دەبێت، ئەگەر سەرۆکی ئایندەی ئەمریکا ڕێگە چارەی تەواو نەگرێتەبەر.

با چاوەڕوانی سەرۆکی ئایندەبین بزانین ڕێگە چارەی بۆ ئەم کێشەیە چیە....!

**سەرچاوە. واشنتۆن پۆست**



**وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە**
**ئەسعەدی مەلا مستەفا**
Shkar_asad@yahoo.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com